# رۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا

## چەمکەکان، ئەرکەکان و جیاوازیەکان

ئامادەکردنی: عبدالسلام بەرواری

هەولێر – ٢٠١٤

ناوی کتێب: ڕۆڵی فراکسۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا
چەمکەکان، ئەرکەکان و جیاوازیەکان
ئامادەکردنی: عبدالسلام بەرواری / ئەندامی پێشووی پەرلەمان
دیزاین : کارزان سەعدی
چاپی یەکەم 2014
چاپ: چاپخانەی شەهاب – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (433)ی ساڵی 2014ی پێی دراوە

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 7 | **پێشەكی** |
| 9 | **بەشی یەكەم**<br>**چەمك و پێناسە** |
| 9 | **١. پەرلەمان لە سیستەمی دیموكراسیدا** |
| 9 | أ. جوداكردنی دەسەڵاتەكان: |
| 10 | ب. دیموكراسی نوێنەرایەتی: |
| 10 | ج. باڵادەستی پەرلەمان: |
| 11 | **٢. ئەركە سەرەكیەكانی پەرلەمان** |
| 11 | أ. ئەركی یاسادانان: |
| 12 | ب. چاودێری و بەدواداچوون: |
| 13 | ج. پەسەندكردنی بودجەی ساڵانە: |
| 13 | د. پەیوەندییە گشتییەكان: |
| 14 | **٣. فراكسیۆنی پەرلەمانی** |
| 14 | أ. فراكسیۆن وەك پێكهاتەی پەرلەمانی و یەكەی حزبی: |
| 15 | ب. جۆرەكانی فراكسیۆن: |
| 16 | ج. فراكسیۆن لە ناوەوە و دەرەوەی پەرلەمان: |
| 17 | **٤. پرۆسەی یاسادانان** |
| 17 | أ. پرۆژەیاسا و پێشنیاری یاسا: |
| 18 | ب. رۆڵی حكومەت: |
| 18 | ج. رۆڵی پەرلەمانتاران: |
| 19 | د. رۆڵی كۆمەڵی مەدەنی: |
| 20 | **٥. پێگەی ئەندام پەرلەمان** |
| 19 | أ. وەك نوێنەری حزب: |
| 20 | ب. وەك ئەندام پەرلەمان: |
| 20 | ج. وەك ئەندام فراكسیۆن: |
| 20 | د. وەك ئەندام لیژنەی پەرلەمانی: |
| 21 | هـ وەك نوێنەری خەڵك: |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم**<br>**فراکسیۆن لە پراکتیکدا** | 22 |
| **١. ڕێکخستنی ناوخۆی فراکسیۆن** | 22 |
| **٢. پەیوەندی فراکسیۆن لەگەڵ حزب:** | 23 |
| **٣. پەیوەندی فراکسیۆن لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان:** | 24 |
| **٤. پەیوەندی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان** | 24 |
| **٥. فراکسیۆن و لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان** | 25 |
| **٦. فراکسیۆن لە ناو هۆڵی پەرلەمان** | 26 |
| **بەشی سێیەم: فراکسیۆنی زۆرینە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی** | 27 |
| **١. ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە یاسادانان** | 27 |
| أ. پرۆژەیاساکان: | 27 |
| ب. پێشنیاری یاسا: | 28 |
| ج. پێشنیاری یاساکانی کەمینە: | 28 |
| **٢. ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە چاودێری و بەدواداچوون** | 29 |
| أ. چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان: | 29 |
| ب. بەدواچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت: | 30 |
| ج. بەدواداچوونی کاری دامودەزگاکانی حکومەت: | 30 |
| **٣. ڕۆلی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەسەندکردنی بودجە** | 31 |
| أ. پێش ئامادەکردنی بودجە: | 32 |
| ب. خۆئامادەکردنی فراکسیۆن: | 33 |
| ج. ڕۆڵی ئەندامانی فراکسیۆنی زۆرینە لە لیژنەکان: | 34 |
| د. لەناو هۆڵی پەرلەمان: | 35 |
| **٤. ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان** | 36 |
| أ. سەرەدێری لەگەڵ سکالا و داواکاری: | 36 |
| ب. سەرەدێری لەگەڵ ڕاگەیاندن: | 37 |
| ج. سەرەدێری لەگەڵ ڕای گشتی: | 38 |

# پێشەکی

ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا، بەشێکە لە پرۆژەیەکی پەیمانگای (وێست منستەر فاوندێشن) بە هاوکاری بنکەی تۆژینەوەی سەر بە پەرلەمانی کوردستان، وەک پاڵپشتێک بۆ ئەو بەشەی داواملێکرا ئامادەی بکەم لە چالاکیەکی ئەم پرۆژەیە.

ئەم نامیلکەیە هێڵە سەرەکیەکانی کاری فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەمان دەخاتە روو لە ڕێگای پیشاندانی چەمکە سەرەکیەکانی پەیوەند بە سیستەمی پەرلەمانتاری و ئەرکەکانی پەرلەمان و ئەندام و فراکسیۆنەکان لە چوارچێوەی کاری ڕۆژانەیاندا.

هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی سادە و سەرەتایی باسی بابەتە پەیوەندارەکان بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی پەرلەمانی کوردستان و یاسا و سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە هیوای دابینکردنی بابەتێکی پر زانیاری سەرەتایی و بنەڕەتی، بۆ هەر کەسێک بیەوێت ئاگاداری ئەم بابەتە ببێت نەک تەنها پەرلەمانتارەکان، بەڵکو بۆ کەرتێکی فراوانتر، بە تایبەتی خوێندکار و گەنج.

عبدالسلام بەرواری
ئەندامی خولی سێیەمی
پەرلەمانی کوردستان

# بەشی یەکەم: چەمک و پێناسە

**١. پەرلەمان لە سیستەمی دیموکراسیدا**

پەرلەمان باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و بەدواداچوونە، و ئەگەر دەستوور بنەمای دەوڵەت و حکومڕانی بێت، پەرلەمان ئامرازی بەکارخستن و کاراکردنی دەوڵەت و حکومڕانیە، چونکە پەرلەمانە کە ئەو بنەما و پرینسیپ و ماف و ئەرک و پێناسەی دامودەزگاکانی دەوڵەت، کە دەستوور پێناسەیان دەکات، ئەکاتە واقیعی بینراو.

لە روویەکی دیکەوە، پەرلەمان بەشێکە لە چەند پێکهاتەیەک کە پێکەوە بونیادی دەوڵەت پێکدێنن. ئەمانەی خوارەوە چەند چەمکێکي سەرەکین کە پەیونددارن بە سیستەمی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانتاری:

أ. <u>جوداکردنی دەسەڵاتەکان:</u> یەکێک لە شێواز و ئامرازەکانی دیموکراسی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی کارە لە نێوانیاندا، بە شێوازێک کە لە توانایاندا بێت سەربەخۆ بن بەڵام تەواوکەری یەکتر بن و چاودێری یەکتر بکەن. هەرسێ دەسەڵاتی بنەڕەتیی دەوڵەت بریتین لە: دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی جێبەجێکار (حکومەت)، و دەسەڵاتی دادوەری (دادگاکان)، کە دەستوور و یاساکان پێناسە و ئەرک و سنوورەکانیان دیاریدەکەن.

لە رووی پراکتیکەوە، خەڵک ئەندامانی دەستەی یاسادانان (پەرلەمان) هەڵدەبژێرن، پەرلەمان متمانە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) ئەدات و چاودێری کارەکانی دەکات،

و دەســـتوور پێناســـە و پێکهـــاتەی دەســـەڵاتی دادوەری (دادگاکان) دەکات و پەرلەمان یاسای پێویست دەردەکات

ب. دیموکراسـی نـوێنەرایەتی: هەرچەنـدە دیموکراسـی بە مانـای (حوکمرانی خەڵک)ە، بەڵام ئەو سەردەمەی ئەم چەمکەی تێدا هــاتە ئــاراوە، ئێســتا بەســەرچووە و کۆمەڵگــای ســەردەم گەورەتر و پێچیدە (معقد) تـرە لە کۆمەڵگای (ئەثینا)ی پێش دوو هەزار ســـاڵ، لەبەر ئەوە، حوکـــومڕانی لە کۆمەڵگـــای ســـەردەمی دیمـــوکرات، بە شـــێوەیەکی ناراســـتەوخۆ ئەنجامدەدرێت، خەڵک ئازادانە، نوێنەرانی خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن و لەرێگای دەنگپێدانیان یان دەنگنەدان، دەیـانگۆڕن یـان دووبـارە متمانەیـان پێدەدەنەوە، واتە: ئەنـدام پەرلەمان، لە جیاتی خەڵک، بڕیار ئەدات و یاسـا دەردەکـات و حوکمڕانی ئەکات.

ج. باڵادەسـتی پەرلەمـان: لەبەر ئەوەی پەرلەمـان بە نـوێنەرایەتی خەڵــک بڕیــار ئەدات و بــاڵاترین دەســەڵاتی یاســادانان و بەدواداچـوونە، ئەمە تێگەیشـتنێکی هەڵەی هێنـایە ئـاراوە، کە بەوەی پەرلەمـان باڵادەسـتی بەسـەر دەسـەڵاتەکانی دیـکە و کۆمەڵگـــا هەیە، نادروســـتی ئەم لێکـــدانەوە لەوەدایە، کە پرەنسیپی جوداکردنی دەسەڵاتەکان دەیانکاتە دەسەڵاتی ئازاد و سـەربەخۆ و چـاودێر بەسـەر یەکتـرەوە، بەڵام هیچکامیـان سـەر بە ئەوی تـر نـیە بەڵکـو لەهەمـان ئاسـتدان، بـێ ئەوەی گرنگی رۆڵی پەرلەمان کەمبکات.

**٢. ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان**

لە چوارچێوەی ئەو رۆڵە گرنگەی دا، وەک نوێنەری خەڵک، پەرلەمان، لە رێگای سێ ئەرکی سەرەکی (من ئەرکی پەیوەندیە گشتییەکانم خستۆتە سەر و کردوومە بە چوار ئەرک) بە ناو خەڵک، پراکتیزە دەکات[1]:

أ. ئەرکی یاسادانان: پەرلەمانی کوردستان یاسای تازە دەردەکات، یان یاسا کارپێکراوەکان هەموار دەکات، یان بڕیار لەسەر کارپێکردن بە یاسا فیدراڵیەکان ئەدات (ئەم مافە بە پێی دەستووری عێراق بە پەرلەمانی هەرێم دراوە).

هەموو دامودەزگای حکومەت پابەندی یاساکانی پەرلەمان دەبن و ئامۆژگاری پێویست بۆ ئەنجامدانیان دەردەکەن. هەروەها پەرلەمان بڕیار دەردەکات، کە هێزی یاسایان هەیە بەڵام کاتین یان پەیوەندیان بە بوارێک یان حاڵەتێکی تایبەتییان هەیە. چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، لە دەستوور و لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دیاریکراوە.

[1] ماددەی ٥٦ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

ب. چـــاودێری و بەدواداچـــوون: لە سیســـتەمی دیموکراســـی ڕاســـتەوخۆدا، خەڵــک ڕاســـتەوخۆ ئامـــادەی کۆبـــوونەوە و دانیشـتنەکانی دامودەزگـا هەڵبژێردراوەکـان دەبـن و ئاگـاداری پرۆســەی بڕیـاردان و حـوکمڕانی دەبـن، بەڵام لە کۆمەڵگـای ســەردەمیانەدا، ئەســتەمە ئەم کــارە ئەنجــام بــدرێت، بــۆیە پەرلەمــان و لیژنەکـان و ئەنـدامانی، بە نـاوی خەڵـکەوە، بەم ئەرکە هەڵدەستن.

پەرلەمــان چـاودێری جێبەجێکردنــی ئەو یاسـایانە دەکـات کە پەســـەندیان دەکـــات، هەروەهـــا بەدواداچـــوونی چـــۆنیەتی کـــارکردنی دامودەزگـــا فەرمیەکـــان دەکـــات و لەم میـــانەدا سەرەدانی مەیدانی ئەنجامدەدات و بانگێشتی فەرمـانبەران بۆ کۆبوونەوەکـــانی لیـــژنە پەیوەنـــدارەکان و دانیشـــتنەکانی پەرلەمــان دەکـات، و لێکـۆڵینەوە لە کێشــە و ئەو بابەتـانەی ئاراستەی دەکرێن دەکات.[2]

هەروەها و لە چوارچێوەی ئەنجامدانی ئەرکی بەدواداچووندا، پەرلەمـــان بـــۆی هەیە پرســـیار ئاراســـتەی وەزیرەکـــان و فەرمانبەران بکات، بانگێشتیان بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و پەرلەمان بکات، و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، بە پێشنیاری وەرگرتنی متمانەش لێیان.[3]

---

[2] ماددەکانی (٤١ و ٤٢) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

[3] ماددەکانی (٤٧ تا ٧٠) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

بەڵام پەرلەمان بڕیاری کرداری و کۆتایی نادات بەڵکو بە پێی یاساکان داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکات، هەنگاوی پێویست بهاوێژن، بە پێی پرەنسیپی جوداکردنی دەسەڵاتەکان.

ج. پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە: مافی خەڵکە بزانن داهاتی ساڵانەی حکومەت چەندە و چۆن سەرفدەکرێت، لە هەمان کاتدا، ئەرکی حکومەتە پلانێک ئامادە و ئاشکرا بکات بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو داهاتە، وئەو پرۆژە و خزمەتگوزاریانەی بە نیازە پێشکەش بە خەڵک بکات.

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان بریتییە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی ئەو پلانەی حکومەت (بودجەی گشتیی ساڵانە) بە ناوی خەڵک. هەروەها ئەرکی پەرلەمانە حیسابی کۆتایی ساڵانەی خەرجییەکانی حکومەتیش هەڵبسەنگێنێت و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆی بۆ حکومەت بنێرێت.

پرۆسەی پەسەندکردنی بودجە لەناو لیژنەکانی پەرلەمان دەستپێدەکات و لە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمان کۆتایی پێدێت و لیژنەکان میوانداری وەزیرەکان و فەرمانبەرە بالاکانی وەزارەتاکان دەکەن و پێشنیارەکانی خۆیان بەرز دەکەن(ةوة) بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی.

د. پەیوەندییە گشتییەکان: هەرچەندە لە زۆربەی زۆری سەرچاوەکان تەنها سێ ئەرک بۆ پەرلەمان دادەنرێن(یاسادانان، چاودێری، و پەسەندکردنی بودجە)، بەڵام ئەمە هەمووی پێویستی بەوە هەیە، سەرۆکایەتی

پەرلەمان و فراکسیۆنەکان چالاکانە لە پەیوەندی بەردەوام بن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و کۆمەڵگای سڤیل و ناوەندەکانی ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی و پەرلەمانەکانی نیشتیمانی و هەرێمەکان و هەندەران.

پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و بلاوکردنی زانیاری سەبارەت بەو پرۆژەیاسا و بریارانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت و هەلوێستی فراکسیۆنەکان، ئەرکیکی پێویستە لە چوارچێوەی ئاگادارکردنی خەلک بە چۆنیەتی نوینەرایەتیکردنیان لە لایەن پەرلەمانەوە.

**٣. فراکسیۆنی پەرلەمانی**

أ. فراکسیۆن وەک پێکهاتەی پەرلەمانی و یەکەی حزبی: پەیڕەوی ناوخۆ چۆنیەتی پێکهێنان و ژمارەی ئەندام و ئەرک و مافەکانی فراکسیۆنی پەرلەمانی دیاریدەکات. بەم پێیە، فراکسیۆن پێکهاتەیەکی پەرلەمانیە و نوێنەرایەتی خەڵک دەکات، و هەوڵ ئەدات داخوازیەکانی خەڵک جێبەجێ بکات.

بەڵام لە هەمان کاتدا، فراکسیۆن پێکهاتەیەکی سیاسییە لە ناو پەرلەمان و نوێنەرایەتی ئەو لایەنە دەکات کە ئەندامانی فراکسیۆن بە لیستی ئەو بوونەتە ئەندام پەرلەمان، و هەوڵ دەدات بەرنامەی ئەو لایەنە جێبەجێ بکات.[4]

---

[4] ماددەی (١)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، فراکسیۆن بە چەند ئەندام پەرلەمانی سەر بە لیستێکی هەڵبژاردن، پێناسە دەکات. بە شێوەیەکی گشتی، ئەکرێت فراکسیۆن لە ئەندامان پەرلەمانی سەر بە زیاتر لە یەک لیستیش پێک بێت

راگرتنی هاوسەنگی نێوان ئەم هەردوو ئەرکە (نوێنەرایەتی خەڵک و نوێنەرایەتی لایەنی سیاسی) ئەرکێکی قورس نییە چونکە لایەنە سیاسیەکانیش لە ناو خەڵکن و هەوڵ دەدەن داخوازی و پێویستیەکانی خەڵک بخەنە ناو بەرنامەکانی هەڵبژاردنی خۆیان بۆ وەرگرتنی متمانەی خەڵک و مافی نوێنەرایەتی کردنیان.

ب. <u>جۆرەکانی فراکسیۆن</u>: بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەو لیستەی گەورەترین ژمارەی کورسی پەرلەمان بەدەستدێنێت، فراکسیۆنی زۆرینە پێکدێنێت، فراکسیۆنی کەمینەش، لەو لیست (یان لیستانە) پێک دێت کە کورسیی کەمتری بەدەست هێناوە.

پاش پێکهێنانی کابینەی حکومەت، ئەو فراکسیۆنانەی نەچونەتە ناو کابینە، فراکسیۆن (یان فراکسیۆنەکانی) ئۆپۆزسیۆن پێک دێنن، نوێنەرانی ئەو لایەنانەی بەشدارن لە پێکهێنانی کابینە، دەبنە فراکسیۆنی زۆرینە، بێ لە دەستدانی سەربەخۆیی خۆیان وەک فراکسیۆنی پەرلەمانی.

دەکرێت فراکسیۆنێک کە بەشدار نیە لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت، بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە و نەبێتە ئۆپۆزسیۆن، هەروەها لە هەندێک پەرلەمان ژمارە دادەنرێت بۆ پێکهێنانی فراکسیۆن، و ئەو لیستانەی ژمارەی کورسیی کەمتر لەو ژمارەیان بەدەستهێناوە، وەک (گروپی پەرلەمانی) پێناسەدەکرێن بە ئەرک و مافی سنووردارتر لە فراکسیۆن.

پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بەو چەمـکە هەڵەیە بـدرێت، کە دەزگاکـانی راگەیانـدنیش بەکـاری دێـنن، کاتێـک ئامـاژە بەو فراکسـیۆنە دەدەن کە سـەر بەو لایەنەیە ئەوەی کـابینەی حکومەتی پێکهێناوە، ئەویش چەمکی (فراکسیۆنی دەسـەڵات)ە. چونکە فراکسیۆنی دەسەڵات مانای ئەوە دەدات کە دەسـەڵات ئەو فراکسـیۆنەی پێـک هێنابێـت، کەچـی مەسـەلەکان بە پـێچەوانەن، و دەسـەڵات (بە مانـای حکـومەت) لە لایەن فراکسیۆنی زۆرینە دەنگی پێدراوە و لە ئەنجامی متمانەپێدانی ئەو فراکسیۆنە پێکهاتووە، نەک بە پێچەوانەوە.

ج. فراکسـیۆن لە نـاوەوە و دەرەوەی پەرلەمـان: فراکسـیۆنی پەرلەمانی، چ فراکسیۆنی زۆرینە یان کەمینە، یان ئۆپۆزسیۆن بێت، رۆڵێکی سەرەکی و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە سیستەمی دیموکراسـی نـوێنەرایەتی، بەڵام فراکسـیۆن تەنهـا لە نـاو پەرلەمان وجودی هەیە و هیچ رۆڵێکی لە دەرەوەی پەرلەمان نـیە، بەڵکـو ئەنـدام پەرلەمـانە، کە لە دەرەوەی پەرلەمـان بە رۆڵی نوێنەرایەتی خەڵک و فراکسیۆن هەڵدەستێت. تەنانەت پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان مـافی پێشکەشـکردنی پرۆژەیاسایی نەداوەتە فراکسیۆن.

هەر بـۆیە ئەو نەریـتەی لە خـولی سـێیەمی پەرلەمـانی کوردسـتان سـەریهەڵدا کاتێـک بەنـاوی فراکسـیۆن، سـەردانی داموەزگاکـانی فەرمـی دەکـرا و داوای هەمـاهەنگی و ملکەچییان لێ دەکرا، نەریتێکی باش نەبوو و بە پێچەوانەی

بنەماکـانی کـاری پەرلەمـانین و بـوو بە هـۆی لاوازبـوونی لیژنەکانی پەرلەمان.

**٤. پرۆسەی یاسادانان**

أ. پرۆژەیاسـا و پێشـنیاری یاسـا: پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردســـتان دەربـــارەی پرۆســـەی یاســـادانان[5]، ڕێگـــا بە ئەنجـــومەنی وەزیـــران و (١٠) ئەنـــدامی پەرلەمـــان ئەدات پرۆژەیاســـا پێشـــکەش بـــکەن[6]، و ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــان ناچاردەکات خوێندنەوەي یەکەم بۆ ئەو پرۆژەیاسانە بکات و بیـان نێـریتە لیـژنەی یاسـایی و لیـژنە پەیوەنـدارەکان، کە پێویسـتە لەسـەریان لە مـاوەی (١٥) ڕۆژدا ڕاپـۆرتی کۆتـایی خۆیـان لەســەر پرۆژەیاســاکە بـۆ ســەرۆکایەتی پەرلەمـان بەرزبـکەنەوە تـا بیانخـاتە نـاو ئەجێنـدای دانیشـتنەکانی پەرلەمان.

بەڵام لە هەنـدێک پەرلەمـان جیـاوازی نێـوان پرۆژەیاسـا و پێشـــنیاری یاســـا دەکرێـــت، کە تەنهـــا حکـــومەت مـــافی پێشکەشـکردنی پرۆژەیاسـای هەیە، و ئەنـدامانی پەرلەمـان بۆیـان هەیە پێشـنیاری یاسـا بـکەن و ئەرکـی سـەرۆکایەتی پەرلەمانە ئەم پێشنیارانە بنێرێتە حکومەت تا دیراسەت بکرێت و پرۆژەیاسایەکی لێ دەربچێت، کە بنێردرێتەوە پەرلەمان.

---

[5] ماددەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

[6] یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموارکراو، مافی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسا و بڕیار بە سەرۆکی هەرێم دەدات.

ب. <u>ڕۆڵی حکومەت</u>: لەو هەردوو شێوازەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ڕۆڵی حکومەت لە پرۆسەی یاسادانان ڕۆڵێکی سەرەکییە، چونکە ئەوە حکومەتە لە کاری ڕۆژانەی خۆی هەست بە پێویستی بوونی یاسایەکی تازە یان هەمواركردنی یاسایەكی كارپێكراو دەكات.

هەروەها ئەو پرۆژەیاسانەی لەلایەن (١٠) ئەندام پەرلەمان پێشکەشدەکرێن (یان پێشنیاری یاسا) پێویستە بۆ حکومەت بنێردرێن بۆ  ئاگاداری و وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی بە تایبەتی ئەگەر دەرکردنی یاسایەک ببێتە هۆی بارگرانیەکی دارایی بۆ حکومەت.

ج. <u>ڕۆڵی پەرلەمانتاران</u>: ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن، لە ناو لیژنەکان تاوتوێیان بکەن و تێبینی و پێشنیار دەربڕن و بڕیاری وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی پرۆژەکان بدەن. هەروەها لە دانیشتنی پەرلەمان کە تەرخان کراون بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان لەسەر پرۆژەیاساکان، ئەندامانی پەرلەمان چارەنووسی ئەو پرۆژانە دیاری دەکەن و بەدەنگی ئەوان یاساکان پەسەند دەکرێن یان ڕەتدەکرێنەوە.

د. <u>ڕۆڵی کۆمەڵی مەدەنی</u>: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی تواناکان و گەڵاڵەکردنی بیرۆکە و پرۆژە، بۆیە پێویستە هەموو ئەندام پەرلەمان و فراکسیۆنەکان، بەتایبەتی فراکسیۆنی زۆرینە، سوود لەم تایبەتمەندیەی کۆمەڵی مەدەنی وەربگرن و بەشدارییان پێ

بکەن لە دەوڵەمەندکردنی پڕۆژە یاساکان و هان بدرێن بۆ ئەوەی ئەوانیش دەستپێشخەری بکەن لە ئامادەکردنی پێشنیاری یاسای تایبەت بە بواری چالاکیەکانیان.

**٥. پێگەی ئەندام پەرلەمان**

ئەندامی پەرلەمان، بە نوێنەرایەتی خەڵک، رۆڵێکی گرنکی هەیە لەکۆمەڵگادا بەڵام ئەم نوێنەرایەتیەی دابەشکراوە بەسەر چوار بواردا کە پێکەوە پێناسە و ناسنامەی ئەو دیاریدەکەن، ئەم چوار ناسنامانە لە رووکەشدا دژ بەیەکتر دێنە بەرچاو، بەڵام پێکەوە، بەشێکن لە کەسایەتی هەر ئەندام پەرلەمانێک و رۆژانە رووبەڕووی هەڵوێست وەرگرتن و رەفتاری جیاواز دەبێتەوە بەڵام گونجاو لەگەڵ ئەم یان ئەو پێناسە دەبێت.

أ. <u>وەک نوێنەری حزب</u>: پێش هەموو شت، بوونی ناوی ئەندام پەرلەمان لەناو لیستی حزبێک یان قەواریەکی سیاسی، ئەوی گەیاندووەتە ناو پەرلەمان. بۆیە پێویستە ئەندام پەرلەمان ئەم راستیە لەبیر نەکات و هەڵوێست و رەفتار و بڕیارەکانی لەگەڵ سیاسەت و بەرنامە و بەرژەوەندی حزب رێکبخات، بێ ئەوەی کەسایەتی تایبەتی خۆی لەدەست بدات. ئەم ئەرکە زۆر قورس نیە، چونکە هەر حزبێک هەوڵ ئەدات بەرنامەی خۆی بە پێی بەرژەوەندییەکانی خەڵک دابرێژیت.

ب. <u>وەک ئەندام پەرلەمان</u>: پەرلەمان، بوونی خۆی وەک باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و بەدواداچوونی کارەکانی حکومەت، لە رێگای چالاکی و کارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەرجەستە دەکات. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە لە ئەندامی پەرلەمان دەکرێت

هەمیشـە ئەم رۆڵە گـرنگەی لەبەرچـاو بێت و هەمـوو توانـای خـۆی بخاتەکـار بـۆ بەرز راگرتنـی ئەم پـێگەیەی پەرلەمـان و هاوکار بێت بۆ سەرکەوتنی، بێ رەچـاوکردنی ئەوەی کە کـێ زۆرینەیە و کێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەکان پێکدێنێت.

ج. وەک ئەندام فراکسیۆن: هەندێک بوونی ئەندام پەرلەمـان وەک ئەندام لە فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بە سنووردارکردنی توانا و چـالاکی ئەو دادەنـێن، بەڵام لەنـاو فراکسـیۆندا، دەرفەتـی دەربرینی را و بۆچوون و پێشکەشکردنی پێشنیار و تێبینی و وەرگرتنـی پاڵپشـتی ژمـارەیەکی ئەنـدام پەرلەمـان بـۆ بۆچوونەکـانی، بـۆ ئەنـدام پەرلەمـان دەڕەخسـێت. هەر بـۆیە ئەندامیەتی فراکسیۆن خاڵی بەهێزبوونیەتی، نەک لاوازکردنی.

د. وەک ئەنـدام لیـژنەی پەرلەمـانی: پێویسـتە هەر ئەنـدام پەرلەمانێـک بە لایەنـی کەم ئەنـدامی یەکێـک لە لیـژنە هەمیشـیەکانی پەرلەمـان بێت (لە پەرلەمـانی کوردسـتان بـۆی هەیە ئەندامی دوو لیژنە بێت)، هەروەها لە لیژنە کاتییەکـان و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

کـارە سـەرەکیەکەی پەرلەمـان لە ڕێگـای ئەم لیژنـانە ئەنجـام دەدرێـت چـونکە پرۆسـەی یاسـادانان و بەدواچـوون و پەسەندکردنی بودجە لەسـەر بنەمـای راپۆرتەکـانی لیژنەکـانی پەیوەنـدار دەکرێـت. بـۆیە لەسـەر ئەنـدام پەرلەمـانە هەمـوو توانـای خـۆی بـۆ کـاری لیـژنە تەرخـان بکـات، چـونکە نوێنەرایەتی خەڵک لەوێوە دەستپێدەکات.

هـ‌ـ وەک نـوێنەری خەڵـک: ئەنـدامی پەرلەمـان هەیە کە بەردەوام خـۆی وا پێشـان دەدات کە ئەو پابەنـدی بەرژەوەنـدییەکانی حـزب یـان فراکسـیۆن یـان پەرلەمـان نابێت و تەنهـا پابەنـدی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆش هەر بەم شێوەیە پێناسەی دەکات. بەڵام لە رووی پراکتیکیەوە، ئەندام پەرلەمـــان دوور لەوەی ئەنـــدامی لیســـتێکی حزبـــی و فراکسـیۆنێکە لەنـاو پەرلەمانێـک، بـوونی نیـیە و نـوێنەرایەتی رەهای خەلک لە دەرەوی ئەمان مەحاڵە.

حزب بەرژەوەندی و داخوازیەکانی خەڵک دەکاتە بەرنامەی خـۆی، فراکسـیۆن هەوڵ ئەدات ئەم بەرنـامەیە جێبەجێبکـات، پەرلەمـــان چوارچێــوەی چـــالاکی یاســـادانان و چـــاودێری ئەندامەکانیەتي، بۆیە ئەندام پەرلەمانیش تەنها لە رێگای کاری چـالاک و رێکخـراو لە نـاو لیژنەکـان و هـۆڵی پەرلەمـان، بە رێنمایەکـانی فراکسـیۆنەکەی و بنەماکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان، باشترین نوێنەرایەتی خەڵک دەکات.

## بەشی دووەم: فراکسیۆن لە پراکتیکدا

### ١. ڕێکخستنی ناوخۆی فراکسیۆن

پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـان چـۆنیەتی پێکهینـانی فراکسـیۆن دیاریـدەکات، بەڵام بەگشـتی پێویسـتە فراکسـیۆن نـاوی جـودا و سەرکردایەتی خۆی هەبێت.

وەک عـــورفی بـــاو، ســـەرۆکایەتی فراکســـیۆن لە ســـەرۆکی فراکسـیۆن و جێگـری سـەرۆک و بڕیـاردەر، پێکـدێت. هەنـدێک فراکسیۆن قسەکەریش دەستنیشان دەکەن. دەستنیشانکردن (یان دانـــانی) ئەم پۆســـتانە یـــان بەشـــێوەی هەڵبژاردنـــی نـــاوخۆی ئەنـدامانی فراکسـێۆن یـان لە ڕێگـای دانانیـان لە لایەن حـزبەوە، ئەنجامدەدرێت.

فراکسیۆن سکرتاریەتێک و بودجە و جێگای تایبەتی خۆی لەناو باڵاخـــانەی پەرلەمـــان هەیە، ئەمـــانەش لەلایەن ســـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دابین دەکرێن.

فراکسیۆن کۆبوونەوەی هەفتانە و مانگانەی هەیە، بۆ وەرگرتنـی راوبۆچـــوونی ئەنـــدامەکان و گەیانـــدنی هەڵوێســـتی حـــزب و ســـەرۆکایەتی فراکســـیۆن، و بڕیـــاردان لەســـەر چـــۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خاڵەکانی دانیشتنی پەرلەمان.

هەروەهـا زۆر جـار پـێش دانیشـتنی پەرلەمـان ئەگەر بە پێویسـت زانـرا خاڵەکـانی دانیشـتنی پەرلەمـان لە نـاو فراکسـیۆن تـاوتوێ بکـرێن و هەڵوێســتی فراکســیۆن دیــاری بکرێــت. هەنــدێک لە پەرلەمانەکـــانی وڵاتـــانی پێشـــکەوتووی رۆژئـــاوا پرەنســـیپی (ناچـارکردنی فراکسـیۆنی) پەیـڕەو دەکەن، کە ناچـاری ئەنـدامی

پەرلەمان دەکات پابەندی بڕیاری فراکسیۆن ببێت لە دەنگدان و هەڵوێست وەرگرتن لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، بۆیە لە کۆبوونەوەی فراکسیۆن بڕیاریش دەدرێت لەسەر هەڵگرتن یان مانەوەی ئەو ناچارکردنە.

**٢. پەیوەندی فراکسیۆن لەگەڵ حزب:**

هەرچەندە ئەندامانی فراکسیۆن کاندیدی حزبن و هەندێکیان ئەندامی سەرکردایەتی و بەشێکیان کادیری پێشکەوتووی حزبن، بەڵام فراکسیۆن وەک پێکهاتەیەکی حزبی لە ناو پەرلەمان پێویستیی بە هێڵی پەیوەندی بەردەوام و کراوەی هەیە لەگەڵ سەرکردایەتی حزب لەرێگای سەرۆکایەتی فراکسیۆنەوە.

لە زۆربەی پەرلەمانەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا، سەرۆکایەتی فراکسیۆن لە پۆستی وەزیریش گرنکترە و زۆرجار رویداوە کە کەسێک کاندیدکرابێت بۆ پۆستی وەزیر بەڵام ئەو سەرۆکایەتی فراکسیۆنی لا پەسەندتر بوو یان حزب بە باشتری زانیوە کە ئەو کەسە سەرۆکایەتی فراکسیۆن بکات.

باشترین شێوازی پەیوەندی فراکسیۆن لەگەڵ حزب ئەوە کە سەرۆکی فراکسیۆن بەشداری لە کۆبۆنەوەکانی سەرکردایەتی حزب بکات یان هیچ نەبێت لەو بەشەی کۆبوونەوە کە تێیدا باس لە کاری پەرلەمانتاری دەکرێت، تەنانەت ئەگەر ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حزبەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت.

### ٣. پەیوەندی فراکسیۆن لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان:

هەر چەندە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تەنها لە دوو جێگا باسی فراکسیۆنی کردووە[7]، بەلام فراکسیۆن پێکهاتەیەکی پەرلەمانە و ئەرکی گرنگی هەیە.

هەندێک لە پەرلەمانەکان دەستەیەکیان هەیە کە پێکهاتووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان (لە ئەڵمانیا پێی دەڵێن ئەنجومەنی پیران)، بڕیار لەسەر بابەتە ئیدارییەکانی پەرلەمانیش دەدات و بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە وەرگرتنی پڕۆژەیاسا و ئامادەکردنیان بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئەدات. هەروەها هاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکات بۆ دانانی خشتەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان و ریزبەندی خاڵەکانی و هەماهەنگی لە نێوان فراکسیۆنەکاندا.

سەرۆکی فراکسیۆن هەڵوێست و بۆچوونەکان و یادداشت و پێشنیاز و تێبینیەکانی فراکسیۆن دەگەێنێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

### ٤. پەیوەندی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان

سەرەرای ململانێی توندی نێوان فراکسیۆنی زۆرینە و فراکسیۆنەکانی کەمینە و ئۆپۆزسیۆن، هەماهەنگی و پێکەوەکار کردنی گشت فراکسیۆنەکانی پەرلەمان گرنگی و پێویستیی خۆی

7 ماددەی (١) پێناسەی فراکسیۆن دەکات، و ماددەی (٥٤) ئاماژە بەوە ئەدات کە فراکسیۆن مافی هەیە داوا بکات بابەتێکی تازە بخرێتە ئەجێندای کۆبوونەوەی پەرلەمان

هەیە، بـۆیە زۆر جـار سـەرۆکی دوو فراکسـیۆن یـان زیـاتر، کـۆدەبنەوە بـۆ هەمـاهەنگی یـان راگـۆڕینەوە وچارەسـەرکردنی ئالۆزییەکـان و هەر کـارێکی پێویسـت وەک هاوکـاریەک بـۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان و لادانی کۆسپەکان.

**٥. فراكسیۆن و لیژنە هەمیشیەكانی پەرلەمان**

ئەندامانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، بەپێی ڕێژەی ئەندامانی هەر فراکسیۆنێک، بەسەر لیژنە هەمیشیەکانی پەرلەمان دابەش دەبن، هەروەهـا هەر فراکسـیۆنێک بەشـی خـۆی هەیە لە سـەرۆک و ئەنـدام سـەرۆکایەتی لیژنەکـان ئەویـش بە پێـی ریـژەی خـۆی (ژمـارەی کورسـی پەرلەمـان وەک پێـوەر). لەبەر ئەوەی کرۆکـی کـاری پەرلەمـان لە رێگـای لیژنەکـان ئەنجـام دەدرێـت، بـۆیە پێویستە فراکسیۆن بەرنامەیەکی رێکوپێکی هەبێت بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی ئەندامەکانی لەناو لیژنەکان و هەوڵ بدرێت لە هەر لیژنەیەک یەک یان دوو ئەندامی چالاکی هەبێت.

کۆبـوونەوە بەردەوامەکـانی سـەرۆکایەتی فراکسـیۆن لەگەڵ نـوێنەرانی فراکسـیۆن لە سـەرکردایەتی لیژنەکـان بە شـێوەیەکی دەوری و بە پێی پێویست، هەروەهـا تـاوتوێکردنی ئەو بابەتـانەی لەسـەر ئەجینـدای لیژنەکـانە، لە کۆبوونەوەکـانی فراکسـیۆن بـۆ گەیاندنی هەڵوێستی فراکسیۆن، نموونەی ئەرکەکانی فراکسـیۆنن سەبارەت بە کارەکەی لە ئاستی لیژنەکانی پەرلەماندا.

**٦. فراکسیۆن لە ناو هۆڵی پەرلەمان**

پێویستە لەسەر فراکسیۆن، پێش هەر دانیشتنێکی پەرلەمان، ئاگاداری بۆچوونەکانی ئەندامانی بێت و ئامادەکاریەکی باشی کردبێت لەگەڵ دابەشکردنی ئەرکەکان و دانانی میکانزمی دروست بۆ هەر رووداوێک یان پێشهاتێک. ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی سەرۆکی فراکسیۆن وەک رێکخەر و رێبەر تاکو کارەکانی فراکسیۆن بە پێی پلان بەرێوەبچن.

## بەشی سێیەم: فراکسیۆنی زۆرینە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی

### ١. ڕۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە یاسادانان[8]

أ. پرۆژەیاساکان: پرۆژەیاساکان لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن، ئەو حکومەتەی بە دەنگەکانی فراکسیۆنی زۆرینە پێکهێنراوە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە لە فراکسیۆن دەکرێت ئاگاداری پرۆژەکان بێت و بە هەماهەنگی ئەو ئامادەکرابن.

لەسەر ئەم بنەمایە، پێویستە فراکسیۆنی زۆرینە لایەنگیری ئەم جۆرە پرۆژەیاسانە بکات و خۆی بۆ ئەم هەلوێستە ئامادەبکات، چ لە ناو لیژنەکان بێت یان لە کاتی گفتوگۆ و بڕیاردان لەسەر خاڵەکانی پرۆژەیاسا و پەسەندکردنی.

هەروەها ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە لە خۆیەوەش پرۆژەیاسا ئامادەبکات و بە هەماهەنگی لەگەل بلۆکی خۆی لەناو حکومەت بۆ پێشکەشکردنی بەناوی حکومەت (ئەگەر پەسەندی کرد)، بەلام ئەمە ڕێگا لە فراکسیۆنی زۆرینە ناگریت پرۆژەیاسا بە ناوی خۆی یان (١٠) ئەندام پەرلەمان پێشکەشی پەرلەمان بکات.

---

[8] هەر چەندە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تەنها باس لە پرۆژە یاسا دەکات (ماددەی ٧١)، بەڵام ئاراستەی هەمـوارکردنی پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەرەو ئەوەیە کە، بیرۆکەی (پرۆژەیاسا) کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکی هەرێمەوە پێشکەش دەکرێت، و (پێشنیاری یاسا)، کە لەلایەن ژمارەی دیاریکراوی ئەندام پەرلەمان، پێشکەش دەکرێت، پەسەند بکرێت، بۆیە ئەم بابەتە لێرەدا لەسەر ئەو بنەمایە هاتووە.

ب. پێشـــنیاری یاســـا: پێشـــنیاری یاســـا لە لایەن ژمـــارەیەکی دیـــاریکراوی پەرلەمانتـــاران (١٠ ئەنـــدام) پێشکەشـــی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان دەکـرێن. ئەزمـوونی خـولی پێشـوو ئەوەی دەرخســت، کە کێبــرکێیەک لەســەر پێشکەشــکردنی پرۆژەیاسا لە نێوان فراکسیۆنەکان لە ئارادا بوو، و دوور نییە لەم خولەشـدا فراکسـیۆنی زۆریـنە خـۆی لەنـاو ئەم جـۆرە کێبڕکیەدا ببینێتەوە. باشـترە فراکسـیۆنی زۆرینە خـۆی لەم ململانێیە دووربخـات و سـەرکەوتنی فراکسـیۆنێک بەوە نـیـیە چەند پرۆژەیاسا یان پێشنیاری یاسای پێشکەشکردوە.

ج. پێشــنیاری یاســاکانی کەمیـنە: کەمیـنەی پەرلەمـانی لە نـاو حکــومەت نــیە، بــۆیە هەوڵ دەدات واپیشــان بــدات کە ئەو خـــاوەنی پـــرۆژە و بیـــرۆکەی باشـــترە و پێشکەشـــکردنی ژمـارەیەکی زۆری پێشـنیاری یاسـا یەکـێکە لە ئامرازەکـانی پیشاندانی ئەم مەبەستەیە.

کەمینە هەر دەرفەتێک کە هەیە دەقۆزێتەوە بۆ پێشکەشکردنی پێشـنیاری یاسـا تەنـانەت ئەگەر لەوە دڵنیـاش بێـت کە ڕەت دەکـرێتەوە لە لایەن فراکسـیۆنی زۆریـنەوە، تـاکو خـۆی وا پێشـان بدات کە خـاوەنی پێشـنیار و چارەسـەری کێشـەکانە، بەڵام ئەوە فراکسـیۆنی زۆریـنەیە ڕێگـرە. هەروەهـا کەمیـنە هەوڵ دەدات ئەم پرۆسـەیە لە ڕێگـای هەڵبژاردنـی ناونیشـانی سـەرنجڕاکێش بـۆ پێشـنیاری یاسـاکان، وا پێشـان بـدات کە زۆرینە دژی ئەو بابەتەیە.

بۆیە لەسەر فراکسیۆنی زۆرینەیە نەکەویتە تەڵەی کەمینە و بە روونی هەڵوێستی خۆی لە راگەیاندن و لە ناو لیژنەکان و هۆڵی پەرلەمان رابگەیێنێت و رەتکردنی بۆ ناونیشانی بریقەدار بە ناوەڕۆکی نا تەواو، بە دژایەتی بابەتی ناونیشانی پێشنیارەکان لەسەری حساب نەکرێت.

پێویستە فراکسیۆن تیشک بخاتە سەر خاڵە لاوازەکانی پێشنیاری یاسا و هۆیە راستەقینەکانی رەتکردنەوەی بۆ خەڵک دیاری بکرێن.

**٢. رۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە چاودێری و بەدواداچوون**

أ. چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان: ئەرکی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانە دڵنیابن لەوەی ئەو یاسانەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراون جێبەجێدەکرێن.

چاودێری و بەدواداچون ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە، پێش ئەوەی ئەرکی ئۆپۆزسیۆن بێت. چونکە ئۆباڵی سستی لە جێبەجێکردنی یاساکان زیاتر زیان بە پێگەی حکومەت و فراکسیۆنی زۆرینە دەگەیەنێت، بۆیە ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە، پێش کەمینە، دڵنیابێت لە جێبەجێکردنی یاساکان و باشترین شێوازی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە بریتییە لە هەماهەنگی باش لەگەڵ بلۆکی خۆی لەناو حکومەت.

ب. بەدواچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت: سەرکەوتنی حکومەت لە جێبەجێکردنی بەرنامەی خۆی و خاڵەکانی بەرنامەی هەڵبژاردنی حزبەکەی، گەرەنتی بەدەستهێنانی

دەنگە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، بۆیە فراکسیۆنی زۆرینە بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانیت بە وردی بەدواداچوونی لەسەر ئەم بابەتەی هەبێت.

پێویستە فراکسیۆنی زۆرینە خۆی بە ئامار و ژمارە و زانیاری تەواو چەکدار بکات و بەکاریان بێنیت لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی لیژنەکان و پەرلەمان و لە چالاکی راگەیاندن و جەماوەریەکاندا.

هەروەها ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە ببێتە پردێک لە نێوان خەڵک و حکومەت و بەردەوام بێت لەسەر گەیاندنی تێبینی و رخنە و پێشنیازەکانی خەڵک و کۆمەڵی مەدەنی و هەوڵدان بۆ ئەوەی حکومەت زۆربەی زۆری خاڵەکانی بەرنامەی خۆی بەدرێژایی خولی پەرلەمانی، یان ئەنجام بدات، یانیش زانیاری تەواو بدات لەسەر هۆیەکانی ئەنجام نەدانیان.

ج. <u>بەدواداچوونی کاری دامودەزگاکانی حکومەت</u>: باشترین ئامراز و شێوازی ئەنجامدانی هەردوو ئەرکی سەرەوە (جێبەجێکردنی یاساکان و بەرنامەی حکومەت)، بەدواداچوونی کاری دامودەزگاکانی حکومەتە. هەر بۆیە ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە دەسپێشخەر بێت لە دانانی بەرنامەیەکی فراوان لە سەر ئاستی لیژنەکان بۆ بانگێشکردنی وەزیر و بەرێوبەرانی فەرمانگاکانی حکومەت بۆ کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و تاوتوێکردنی کێشەکان و چۆنیەتی کارکردنیان، هەروەها خشتەیەکی سەردانی مەیدانی بۆ ئەو فەرمانگانەی پەیوەنددارن بە کاری لیژنەکان.

پێویسته فراکسیۆنی زۆرینه ئەم بواره بۆ کەمینه نەهێڵێت به بەهـانەی ئەوەی حکـومەت به دەنگـی زۆریـنه پێکهێنـراوە، چـونکه له بەرژەوەنـدی فراکسـیۆنی زۆریـنەیه فەرمانگاکـانی حکـومەت کارەکانیـان به رێکـوپێکی ئەنجـام بـدەن. و له کـاتی بـوونی کەموکـورتی، خۆیـان پـێش هەمـوو لایەنێـک رخـنه و پێشنیار بۆ زاڵبون بەسەر کێشەکان پێشکەش بکات.
نەریتی سـەردانی سـەربەخۆی دەزگاکـانی حکـومەت به نـاوی فراکسیۆنەکان، نەریتێکی دروست نیه و کاری لیژنەکـان لاواز دەکات و تەنها بۆ مەبەستی پرۆپاگەندەیه.
بۆیه ناکرێت فراکسیۆنی زۆرینەش ئەم شێوازەی کار پەیڕەو بکات و جەخت بکاته سەر پێویستی ئەنجامدانی ئەم ئەرکه له رێـگەی لیژنەکـانەوە، نەک له رێگـای ئەنـدام یـان فراکسـیۆنی پەرلەمان و لەدەرەوەی لیژنەکان.

### ٣. رۆلی فراکسیۆنی زۆرینه له پەسەندکردنی بودجه

هەر چەنده ئامادەکردنی بـودجەی گشـتی کـارێکی زانسـتییه و له لایەن پسـپۆرانی بـواری ئامـار و پلانـدانان و کـارگێڕیەوە و به لەبەرچـاوگرتنی ژمـارەیەکی زۆری فـاکتەری گشـتی و تـایبەت لەسەر ئاستی سێکتەرەکانی جۆراوجۆری ژیان ئامـاده دەکرێت، بەڵام گفتوگۆ و پەسەندکردنی بودجه له دانیشـتنەکانی پەرلەمـان، دەرفەتێکی باشه بۆ کەمینه و ئۆپۆزسیۆن بۆ سوود وەرگرتن له بایەخپێدانی کۆمەڵگا و دەزگاکانی راگەیاندن، تـاکو پەیـامی خـۆی بگەیێنیته خەڵک.

هەرچەندە بەشی هەرەزۆری قسەکان لەم دانیشتنانەدا مەبەست و زمانی سیاسییان هەیە، و کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت بەسەر هێڵەگشتیەکانی خودی بودجە، بەڵام چونکە بودجە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی خەڵک هەیە، بۆیە بە بایەخەوە ئەم پرۆسەیە چاودێری دەکرێت. فراکسیۆنی زۆرینەش دەتوانێت ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە و ئەویش سوودی لێ وەربگرێت.

أ. پێش ئامادەکردنی بودجە: بودجەی گشتی لە چوارەمین چارەکی ساڵ لەلایەن وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، بە هەماهەنگی لەگەڵ گشت وەزارەتەکان، ئامادە دەکرێت.

پێویستە فراکسیۆنی زۆرینە سوود لەوەی حکومەت سەر بەخۆیەتی وەربگرێت و هەوڵی ئەوە بدات، بە هەماهەنگی لەگەل بلۆکی خۆی لەناو کابینە، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئامادەکردنی بودجە، و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ، بەشدار (یان ئاگادار) بێت لە دەسنیشانکردنی هێڵە سەرەکییەکانی بودجە و گەیاندنی تێبینی و پێشنیارەکانی و رەچاوکردنیان. بەم شێوەیە، فراکسیۆنی زۆرینە چەند هەنگاوێک پێش فراکسیۆنەکانی دیکە دەکەوێت و پێگەی لە گفتوگۆکردنی بەهێزتر دەبێت.

ب. خۆئامادەکردنی فراکسیۆن: پاش گەیشتنی بودجە بۆ پەرلەمان، فراکسیۆنی زۆرینە، بە پەنابردن بۆ پسپۆرانی بودجە و ئابووری لە نێوان ئەندامانی و لەدەرەوەی پەرلەمان، بە ووردی دیراسەتی بودجە دەکات و خاڵە بەهێز

و لاوازەکـــانی دەستنیشـــان دەکـــات و هەڵوێســـتی خـــۆی دیاردەکات.

پێویســـتە بە وردی لەگەڵ بلـــۆکی حکـــومی و ئەنـــدامانی فراکسیۆن لە لیژنەی ئابووری، ژمارەیەک تێبینی و پێشنیار و رەخنە ئامادەبکرێت و لە کۆبوونەوەکانی فراکسیۆندا، لەگەڵ ئەنـدامانی فراکســیۆن تـاوتویّ بکـرێن و بڕیـاری کۆتـایی فراکسـیۆن گەڵاڵە بکرێـت تـا ئەنـدامانی فراکسـیۆن لەســەر رۆشـــنایی ئەو لە کۆبوونەوەکـــانی لیژنەکـــانی تـــایبەت بە ئامادەکردنی راپۆرتەکانیان لەسەر بودجە، رەفتار بکەن.

هەروەها پێویستە فراکسیۆن پلانێکی داڕێژراوی هەبێت بۆ دیـــاریکردنی هەڵوێســـتی خـــۆی لە بـــواری بەشـــداریکردنی ئەنـــدامەکانی لە چالاکییەکـــانی راگەیانـــدن بە مەبەســـتی بەرەنگـاریکردن لە بـودجە و لە هەمـان کـات تیشـک خسـتنە ســـەر ئەو خـــاڵە بەهێـــزانەی بـــودجە کە دەبـــنە مـــایەی پێشکەشـــکردنی خزمەتکـــاری و دەســـتکەوت بـــۆ خەڵـــک و کەرتەکانی کۆمەڵگا.

ج. رۆڵــی ئەنـدامانی فراکســیۆنی زۆریــنە لە لیژنەکـان: ئەرکـی سـەرەکی هەڵسـەنگاندن و دیراسـەت کردنـی بـودجە لەسـەر شـانی لیـژنەی دارایـی پەرلەمـانە، بەڵام هەمـوو لیژنەکـانی هەمیشەییش بەم ئەرکە هەڵدەستن.

پێویستە ئەندامانی فراکسیۆنی زۆرینە چالاکانە بەشداری لە کۆبۆنەوەکانی لیژنەکانیان تایبەت بە بودجە بکەن و هەموو تێبینی و پێشنیار و رەخنەیەک تۆمار بکەن.

پـاش تەواوبـوونی کـاری لیژنەکـان، بە لیـژنەی داراییشـەوە، ئەرکـی سـەرۆکایەتی فراکسـیۆنە، ئەم تێبینـی و پێشـنیار و رەخنانە کۆ بکاتەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بلۆکی حکومەت، هەڵوێسـتی پێویسـت بەرامبەریـان تـاوتوێ بکـات و بگـاتە بڕیـاری کۆتـایی سـەبارەت بە لادان یـان گـۆڕینی خـاڵە لاوازەکان و دانانی وەڵامی گونجاو بۆ رەخنەکان.

بەڵام لە هەمـووی گرنگتـر ئەوەیە فراکسـیۆن و بلـۆکی حکـومەت بەوردی دیراسـەتی پێشـنیارەکانی کەمیـنە و ئۆپۆزسـیۆن بـکەن چـونکە ئەمـان دەبـنە کرۆکـی قسـەکانی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لەناو هۆڵی پەرلەمان.

بـۆیە باشـتر وایە، پـاش راگـۆڕینەوە لەگەڵ بلـۆکی حکومەت، فراکسیۆنی زۆرینە خۆی بکاتە خاوەنی پێشـنیارە باشـەکان و ببنە بەشـێک لە نـاوەڕۆکی راپۆرتی فراکسیۆن. بەم شـێوەیە گفتوگـۆ بە ئاراسـتەیەکی راسـت و دروسـت و سـوودمەندتر بەڕێوە دەچێت.

د. <u>لەنـاو هـۆڵی پەرلەمـان</u>: ئەرکـی ئۆپۆزسـیۆنە پیشـان بـدات کە پرۆژەی بودجە کەم و کوڕی هەیە و لە بەرژەوەندی خەڵکدا نیـیە، ئەرکـی فراکسـیۆنی زۆریـنەیە پیشـان بـدات کە بـودجە رەچاوی زۆربەی پێویستییەکانی کردووە و پلانێکی باشـە بۆ چـۆنیەتی خەرجکردنـی داهـات، خەڵکـیش بە بـایەخەوە بەدواداچوون بۆ دانیشتنەکانی گفتوگۆی بـودجە دەکەن، بـۆیە دەکرێت بوترێت کە دانیشتنەکانی پەرلەمان تایبەت بە بودجە،

گرنگترین چالاکی پەرلەمانن لە ساڵێکدا و بەهێزی و تواناکانی فراکسیۆن بە سەرکەوتن لەم پرۆسەدا دەردەکەون.
پاش هەموو ئەو ئامادەکاریانەی سەرەوە، فراکسیۆنی زۆرینە بە پێگەیەکی بەهێزتر دەچێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و هەڵوێستی بەهێز و جێگای رەزامەندی خەڵکیشی دەبێت، یان بە لانی کەمەوە، ئامادەیە بۆ "شەڕی راگەیاندن" لەگەڵ رکابەرەکانی، چونکە خەڵک زۆر بایەخ بە لایەنی زانستی بودجە نادات بەڵکو بە دەستکەوتی راستەوخۆ دەدات.
فراکسیۆنی زۆرینە دەرفەتی ئەوەی هەیە یەکەمین فراکسیۆن بێت کە راپۆرتی خۆی بخوێنیتەوە و یەکەمین قسەکەر لەسەر بودجە دەبیت. ئەگەر فراکسیۆن سەرکەوتووانە پێشنیارەکانی لایەنەکانی دیکە بکاتە بەشێک لە راپۆرتی خۆی، دەبێتە یەکەمین لایەن کە باسی ئەو خاڵ و بابەتانە بکات کە لە بەرژەوەندی خەڵکدان و ئۆپۆزسیۆن دەستپێشخەری پێشکەش کردنیان لەدەست ئەدات.
لە کۆتایی قسەکردن و پاش تەواوبوون لە پێشکەشکردنی تێبینی و رخنە و پێشنیارەکان، ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە هەوڵ بدات بودجە بە ژمارەی باشی دەنگەکان پەسەند بکرێت، و بگاتە رێککەوتن لەگەڵ کەمینە لەسەر چەند خاڵی هاوبەش کە دەرفەت بە کەمینە بدات پیشان بدات کە رۆڵی هەبوو لە بودجە و لەهەمان کاتدا، بودجە پەسەند بکرێت.

**٤. رۆڵی فراكسیۆنی زۆرینه له بواری پەیوەندییە گشتییەکان**

أ. <u>سەرەدێری لەگەڵ سکاڵا و داواکاری</u>: لەبەر بڵاوبوونەوەی ووشیارییەکی هەڵە لەناو خەڵک دەربارەی کار و ئەرکەکانی پەرلەمان، کە هەردوو راگەیاندنی خۆدی پەرلەمان و میدیای هەرێم بەگشتی تەنانەت پەرلەمانتارەکانیش بەرپرسیارن لێی، خەڵک راستەوخۆ نامە و داواکاری و سکاڵا رادەستی ئەندامانی پەرلەمان دەکەن، ئەوانیش بۆ راکێشانی سۆزی خەڵک، خۆیان دەکەنە خاوەنی ئەم نامانە و بەرزیاندەکەنەوە بۆ لیژنەکان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان یان فراکسیۆن.

ئەم شێوازەی سەرەدێری لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵک لە کۆتاییدا بە زیانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەوێتەوە و متمانەی خەڵک بە پەرلەمان بەگشتی و ئەندامانی بە تایبەتی لاواز دەکات، بۆیە ئەرکی فراکسیۆنی زۆرینەیە هۆشیاری راست و دروست بڵاوبکات و هانی خەڵک بدات روو لە دامودەزگاکانی فەرمیی پەیوەنددار بکەن و لە هەمان کاتدا هاوکار و پشتیوانیان بێت بۆ گەیشتنی خەڵک بە مافەکانیان، یان هۆی ناڕەوایی داخوازی یان جێبەجێنەکردنی بۆ خاوەنەکانی روون بکاتەوە.

ئەمە رێگا لەوە ناگرێت، فراکسیۆنی زۆرینە خۆی بکاتە خاوەنی داخوازیە رەواکان، بەڵکو پێویستە پێش ئۆپۆزسیۆن بەم کارە هەڵبستێت، بەڵام پێویستە وریابێت ئەمە نەبێتە کارێکی سەرەکی ئەو چونکە خەڵک زیاتر روو لە پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی زۆرینە دەکات لەبەر ئەوەی

حکـومەت بە دەنگــی ئەوان پێکهــاتووە و وا تێــدەگەن ئەمــان دەتوانن داواکاریەکانیان جێبەجێبکەن.

ب. <u>سەرەدێری لەگەڵ ڕاگەیاندن</u>: چاوی ڕاگەیاندن زیاتر لەسـەر خاڵە نەرێنی (نێگەتیڤ)ییەکانی کاری حکومەتە، فراکسیۆنی زۆریـنە ڕووبەڕووی ڕەخنەکـانی ڕاگەیانـدن لەســەر کـاری حکـومەت دەبێـت و داوای هەڵوێســت و وەڵام لە ئەنــدامانی فراکسیۆنی زۆرینە دەکات.

هەروەها ڕا و بۆچوونەکانی فراکسیۆن و ئەندامانی سەبارەت بەو یاسـا و بابەتـانەی لە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان یـان لەنـاو لیژنەکـان تـاوتوێ دەکرێن، جێگـای بـایەخی ڕاگەیاندنەکانە و پێویسـتە فراکسـیۆن ئامادەکاریی باشـی هەبێت لەم بـوارەوە. سەرۆکایەتی فراکسیۆن بە گشتی و قسـەکەری فراکسـیۆن بە تــایبەتی، پــێش ئەنــدامانی فراکســیۆن، بەرپرســیارن لە وەڵامدانەوە و بڵاوکردنەوەی هەڵوێستی فراکسیۆن.

باشــترین ســەرەدێری لەگەڵ دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن ئەوە فراکسـیۆن لە کۆبـوونەوەی دەوری یـان تایبەتەکـانی خـۆی هەوڵی ئەوە بدات بۆ ئەوەی هەمـوو ئەندامانی فراکسیۆن لە یەک ئاسـتی زانیـاری بن بۆ ئەوەی پەیـامێکی یەکگرتـوو یـان هەماهەنگیــان هەبێــت، بــێ ئەوەی ئەنــدامانی فراکســیۆن تایبەتمەندی و پسپۆری خۆیان لەدەست بدەن.

ئەندامی فراکسـیۆنیش پێویسـتە بەردەوام زانیـاری و ئامـار و ژمارەی دروستی پێ بێت و ئاگـاداری گرنگـی هەر وشـەیەکی بـۆ ڕاگەیانـدن بێـت چـونکە لەســەر فراکسـیۆن و حـزب و

حکـومەت حسـاب دەکـرێن، و ئەگەر گەیشـتە ئەو بـاوەڕە کە مەرامـی پرسـیار یـان چـاوپێکەوتن بە ئاراسـتەیەکە کە رەنگە زیان بگەیێنیتە فراکسیۆن، پێویستە خۆی لە لێدوان لەسەر ئەو خاڵە یان بابەتە بە دوور بگرێت.

ج. سـەرەدێری لەگەڵ رای گشـتی: ئەنـدامی پەرلەمـان کەسایەتییەکی گشتی یە و سـەرەڕای بایەخدانی راگەیاندن و کۆمەڵگا بە بۆچوونەکانی وەک ئەندام پەرلەمان یان ئەندامی فراکسـیۆنێکی پەرلەمـانی، چەنـد ئەرکـی دیـکە دەکەونە سەرشـانی چ بەشـداری کـردن لە چـالاکییە مەدەنیەکـان یـان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونە یان بۆنە گشتییەکان.

ناکرێت فراکسـیۆنی زۆرینە ئاگـاداری هەمـوو ئەم چالاکیـانە بێت یـان ئاراسـتەیان بکـات و پێویسـتە ئەوپەڕی ئـازادی بە ئەندامەکانی بدات بۆ ئەوەی بەم ئەرکە کۆمەڵایەتییە هەڵسن بەڵام لە بەرژەوەندی ئەندامی فراکسیۆنە، لە کاتی پێویستدا، ئاگاداری فراکسیۆن بکات یان هەڵوێستی بزانێت.

بەشـداری ئەنـدامی فراکسـیۆن لە چـالاکیە گشـتییەکان بە شـێوەیەکی گشـتی تـایبەتە و پەیوەنـدی بە کەسـایەتی خـۆی هەیە، بەڵام هەروەک ئەنـدامی فراکسـیۆن و حـزبەکەی دادەنرێت، بۆیە ئەرکی ئەندام فراکسیۆنە باڵانس و هاوسەنگی نێـوان بایەخـدان بە کەسـایەتی و راوبۆچوونەکـانی خـۆی، و بوونی بە نوێنەری فراکسیۆن، رابگرێت.

بێگومان رادە و رێژەی بایەخدانی کۆمەڵگا بە هەر ئەندامێکی پەرلەمان بەندە بە پسپۆری و کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی

ئەو ئەندامە، بەڵام هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانی لە کۆتاییدا لەسەر فراکسیۆن و حزبەکەی حساب دەکرێن، بەڵکو زۆر جار دەکرێتە سەرچاوەی ئەم بۆچوون و هەڵوێستە، بۆیە بەرپرسیاریەتی هەستیار و گرنگ دەکەوێتە سەرشانی.

# رۆڵی فراکسیۆنی زۆرینە لە پەرلەماندا

ئەم نـــامیلکەیە هــێڵە ســەرەکییەکانی کــاری فراکســیۆنی زۆریــنە لە پەرلەمــان دەخــاتە روو لە رێگــای پیشــاندانی چەمکە ســەرەکیەکانی پەیوەند بە سیستەمی پەرلەمانتاری و ئەرکەکانی پەرلەمـان و ئەنـدام و فراکسیۆنەکان لە چوارچێوەی کاری رۆژانەیاندا.

بابەتەکانی ئەم نامیلکەیە کە بەسەر سێ بەش دابەش کراون:

بەشی یەکەم: چەمک و پێناسە

بەشی دووەم: فراکسیۆن لە پراکتیکدا

بەشی سێیەم: فراکسیۆنی زۆرینە و ئەنجامدانی ئەرکەکانی.